# جارێکی تر لەگەڵ (سیروان ئەمین) دا

تەها سلێمان
tahasleman17@yahoo.com

من وڵامێکی (سیروان ئەمین)م لە سایتی (دەنگەکان) دابووەوو ئەویش بەهەمان شێوە، دارە وڵامی منی داوەتەوە، تا ئێرە و هەر گفتوگۆیەکی بابەتی و لۆژیکی، ئەو پەڕی ڕەوایەتی دەبینم و پێشم وانییە لەوە ڕەواتر هەبێ. بەڵام مرۆڤ کاتێ گوێی لە بابەتێك دەبێ، یاخود بەرچاو دەکەوێ، دەگێڕدرێتەوە یان دەنوسرێ لەلایەن هەرکەسێکەوە بێ، ئەگەر خودی خۆی نزیکی بابەتی ناو براو نەبێ بەوردی سەرنج دەدا و دەیەوێ وردە کارییەکانی بزانێ، خۆ ئەگەریش خۆی لەناو باسەکەیان ڕوو داوە کەبێت، مافی خۆیەتی تێبینی و ڕەخنەی ئەوەبکات ئایا دروست ئەوەی گێڕەرەوە یان نوسەر بابەت و ڕووداوەکەی وەك خۆی گوازستوەتەوەو قسەی لەسەر کردووە؟ ئەم وڵام و وڵامکارییەی (من وسیروان) ئالێرەوە دەستی پێکرد، چونکە خۆ پیشاندانێك لەکەلار کراوەو منیش یەکێك بووم لەوانەی نەك تەنها ئاگاداریڕۆژی خۆپیشاندانەکەم بەڵکو،بەمانگێك پێش خۆپیشاندانەکە و زیاتریش ئاگاداری ووردەکارییەکانی خۆ ئامادەکرن بووم بۆ ئەم خۆپیشاندانە، سەرەتاکەی بەدروستکردنی کۆمەڵەی بە مەدەنی کردن و کۆمەڵەی گۆڕان دەستی پێکرد، ئیتر نەك (سیروان) هەرکەسێکی تر بیەوێ ئەو بە ئاگابوونەم بخاتەژێر لێوەوە. ئەوە قبوڵی ناکەم و وڵامی دەدەمەوە..(سیروانیش کە یەکێکە لەوانەی دەیەوێ ڕاستی ڕووداوەکەوناوەڕۆکی جوڵەکە بە ئاراستەیپڕوپاگەندە بۆ حزبەکەی ڕاکێشێ،لای من مایەی قبوڵ نابێ ولێی دێمە وەڵام. جارێ باکاك سیروان ئەوەش بزانێ چەندین جاری تریش بنوسێ لەسەرئەم مەسەلەیە ئەو ناتوانێ ڕاستییەکان بشوێنێ، چونکە خەڵك زۆر لەوە بە ئاگاترو وشیار ترە تابەڕێزی خۆڵ بکاتە چاوی و پێی وا بێت تۆلە (فینلەندا) وە نوێنەرایەتی دەکەی. بەهەرحاڵ لێرەوە من لەسەر هەندێ پەرەگرافی ناونوسینەکەی ئەو بەڕێزە ڕادەوەستم، بۆ ئەوەی جارێکی تر بیری بخەمەوەکە ئەم نوسینەشی پڕە لە غەڵەت و پەڵەت هیچ ڕاستییەکی تییانیە، ئەگەر چی هەندێ لە برادەرانی دەرەوەو ناوەوەی کوردستان پێیان وابوو، وڵام نەدەمەوەو نەچمە ناو گفت و گۆیەکی لەوجۆرە.

## کەمتر مەبەستم حزبەکەی ئەو بووە !

ئەم قسەی من نیە، بەڵکو قسەی (سیروان) ە ، بەڵام زۆر هەوڵمدا ئەو دێڕە لە مێشکی خۆمدا جێ بکەمەوە. بەداخەوە ئەمتوانی چونکە بەڕێزی جارێ ناونیشانی بابەتەکەی (ئیمزانامەی چوار حزبی مەعاش خۆر)ە، پاشان کە تۆ ڕەخنەت گرت ئیتر ئەم وتنەسەقەتە چیە وەك دەڵێی( کەمتر مەبەستم حزبەکەی ئەو بووە؟) نەخێربە دڵنیاییەوە مەبەستت حزبەکەی من بووەو کەمنیش لەناوەڕۆکی ڕووداوەکاندام چۆن لێت بێدەنگ بم، ئەگەر نایزانی بزانە بەڵێ لەسەرداوی ئێمە بووە کە لەگەڵ یەکێتی دانیشین و بە خۆشحاڵیشەوە جگە لە پارتی (سۆشیالیست، زەحمەتکێشان، یەکگرتوو) هاتن و بڕواشم وایە

باشترین گفت وگۆ کرا له کۆبووەنەوەی ناوبراودا، بەتایبەت ئەو ڕەخنەو ئیدانانەی که ئاراستەی یەکێتی دەکران و خوردکردنەوەی لایەنەکانی خۆپیشاندانەکە.

پاشان بەڕێزت نازانم به هەڵەیان مەقسود یاخود هەر له بێئاگاییەوە نوسیوته دانیشتنی لەگەڵ ئاسایشی یەکێتی، ئەریٰ برادەر ئێستاش دەڵێم درۆی (شاخدار)، پێشم بڵیٰ دۆری شاخدار و غەڵەت و پەڵەت و تێنەگەیشتنی ناتەندروست و نابابەتیانه چۆنه ؟ ئاخر تۆیەك بەیاننامەکەش که دەرئەنجامی ئەو دانیشتنه بووە، به ئاراستەی هەمان ناتێگەیشتنی خۆت دەخوێنێتەوەو خورد دەکەیتەوە. بۆ زانیاریت دانیشتنەکه لەسەر ئاستی بەرپرسی یەکەمی حزبەکان بووە لەناوچەکه و کەلار، که بەرپرسی یەکەمی حزبی شیوعی کوردستان له گەرمیان و بەرپرسی یەکەمی (ی.ن.ك) له گەرمیان و بەرپرسی یەکەمی (سۆشیالیست) لەگەرمیان و بەرپرسی یەکەمی یەکگرتوو لەگەرمیان و بەرپرسی یەکەمی زەحمەتکێشان بوون. ئیتر نازانم بەڕێزت ئەم زانیارییە ناڕاستەت له کوێوە فڕێداوەته ناو ئەم نوسینەتەوە.ئەو بەیاننامەی که له کۆبونەوە کەوە، دەرچوو ئەو بەیاننامەبوو که ئێستاش دەیلێمەوە بەدەست پێشخەری حزبمان ڕچەشکێنی پشتگیری له خۆپیشاندەران و ئیدانه کردنی کاری تێکدەرانەو تەقەکردن له خۆپیشاندەران بوون. دیاره بەڕێزت ئاگاداریشت تا لەو کۆبونەوەیه به یەکێتیمان نەسەلمان و ئیمزانەکرد، به مامۆستا (عباس) ی لای تۆشەوە له کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆوە خۆیانیان شاردبووەوە . ئاخر کاکه سیروان بیٰ ویژدانی بەوجۆرە!! بەڕێزتدەڵێی حزبی شیوعی کوردستان بەیاننامەی لەگەڵ ئاسایش ئیمزاکراوە، جاریٰ ئەمه وانیه و ڕاست نیه، لەمەش گەڕیٰ ئیٰ خۆ باشه (عەباس)ەکەی لای تۆ وەك خۆت دەڵێی له ڕێکخەر و ڕابەری خۆپیشاندانەکەبووە، بۆچی دواتر وەك کۆمەڵەی بەمەدەنی کردنی کەلار بەیاننامەیەکیئیمزاکرد، که ڕستێك لەوەی حزبی شیوعی و چوار حزبەکەی تری زیاتری تیانەبوو، هەروەك بڵێی: کۆپی بەیاننامەکەی(5)حزبەکەیان کردبێت، من ئەمه به عەیب نازانم بەڵکو پێم وایه دروسته و هەر پێنج حزبەکه کەبەیەکێتیشەوە زۆر ژیرانەو بابەتیانه مامەڵەیان لەگەڵ ڕووداوەکانی ناو خۆپیشاندانەکه کردوەو کاریگەری ئەم ژیری و دیتنه بابەتیەش لەسەر کۆمەڵەی بەمەدەنی کردن هەبووەو زۆر سروشتیشه کاریگەری لەو جۆره لەبواری جیاجیادا ڕەنگ بدەنەوە.

## چەرخی بەردین یانهەڵەشەییەکانی کاك (سیروان) ؟

ئەریٰ کاکه سیروان من گوناهم چی ئەگەر تۆ بێئاگابیت، سەرەتا من نومویستووە دوونیا به چەرخی بەردین بشوبهێنم و به بڤەشم نەزانیوە بەڕێزت به ئاگابیت، ئەگەریش بێئاگا بیت هەوڵدەدەم به ئاگات بێنمەوە. لەسەرەتاشدا وتم هەرچی بڵێی ناتوانی بەقەد حزبی شیوعی کوردستان و کۆمیتەی مەحەلیەکەی لەگەرمیان له خۆپیشاندانەکەی ڕۆژ 9/7 ی کەلار به ئاگاتربیت. یەك کاتژمێری قسه کردنیش لەگەڵ یەکێك لەدەستەی خۆپیشاندانەکه ، قەت ناگاته ئەوەی ئیتر هەرچیت وت دروست وایه. من له جاریٰ زیاتر چاوپێکەوتنم لەگەڵ دەستەی کۆمەڵەی بەمەدەنی کردنی کەلار کرد، بۆ مێژوو، دەیلێم مامۆستا (عباس) م نەدیوەو ناویشم نەبیستووە تایبەت بەم مەسەلەیه تا ڕۆژی خۆپیشاندانەکە، که گوایه ڕێك خەرو ڕابەری

خۆپیشاندانەکە بووە. تەنها کاك (بەرزان) نەبێ یەك جارهات بۆ بارەگای حزب پێش خۆپیشاندانەکە ، پاشان کاکی برا تۆ دەتەوێ بە تۆبزی بیسەپێنی کە(حزبی شیوعی) دژی خۆپیشاندانەکە بووە ؟! من دەڵێم عەجیب حوکمیکە. ئەرێ بۆ لەکۆمەڵەکەو دەستەکەیان کە زیاتر لە 10 تا 15 گەنج ناپرسی بزان حزبی شیوعی و کۆمیتەی مەحەلییەکەی چۆن و بەکام ئاراستە پشت وپەنایان بووە. کاك سیروان ناچارم دەکا هەندێ شت بڵێم کە بەویژدانەوە پێم خۆش نیە. برۆ پرسیار بکە کێ بەیاننامەکانی کۆمەڵەی چاپ دەکرد؟ کێ بۆی کۆپی دەکردن؟ برۆ بپرسە: کێ بوو حزبی شیوعی و ئەندامەکانی ، یان تۆ و ئەندامانی حزبەکەت، کەخەڵکی تێکدەر ویستی ئاراستەی خۆپیشاندانەکە بگۆڕێ، دەیان و سەدان وەرەقە کە لەسەری نوسرابوو (کارەبا، ئاو، سووتەمەنی) بەناو خەڵکەکەدا بڵاو دەکردەوە. بەڵێ ئێمە بووین بەردمان لەدەستی خەڵك وەردەگرتەوەو پێمان دەوتن، کارێ مەکەن خەڵکی خراپ بخرێنە ناومان، بەڵێ پێمان دەوتن پەروەردە و بنکەی تەندروستی موڵکی کەس نیە تەنها خەڵك نەبێت، بەڵی من و هاورێکانم لەناو کرۆکی خەڵکەکەدا بووین و هاواریشمان دەکرد داواکانتان بخەنەڕوو وازی لێ مەیەنن. کاکە سیروان تۆ نایزانێ من دەیزانم لەگەڵ کارگێڕو ئەندام مەڵبەند و کادێرەکانی تووشی شەڕو تورە بوون و پێك هەڵبژان بووین لەسەر پەرلاماردانی خەڵك، دڵنیابە هەموو ئەوانەی تۆ ناتوانێ ئەو برِوایە لای ئێمە کاڵ بکاتەوە کە حزبی شیوعی لە واقیع و کردار، لەناو خەڵکدا دەژی و بەرێزتیش ئەم ڕاستییە دەزانی، ئەگەر خەڵتوخۆڵی ئایۆلۆژیای حزبەکەت بەرچاوت نەگرێ. گوناهی من نیە عەزیزم ئەگەر تۆ هەڵەشە بوویت و لە بێئاگاییەوە قسەت کردووە. گوناهی من نییە ئەگەر زانیارییەکانیان بە هەڵە بۆ ناردویت، یان گوێت لێبووە. بەڵام نەك بۆ تۆ هیچ کەسێ مایەی قبوڵ نیە کەوێنەی ڕاستەقینەی حزبی شیوعی و هەڵویستیەکانی لە ئاستی خۆپیشاندان بە ئاراستەیەکی تەموومژ و کرچ و کاڵ بەرێ و من وەك ئەندامێکی ئەو حزبە مافی تەواوی ئەوەم هەیە بێمە وڵام .

## ئێمە بۆچی بەیاننامەمان لەگەڵ یەکێتی ئیمزا کرد ؟

نەك تەنیا خۆپیشاندانی کەلار، بەڵکو هەموان بەردەوام جەخت لەسەر دەسەڵات و حزبی دەسەڵاتدار دەکەینەوە رێز لە خۆپیشاندان بگرێت، ڕەخنەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا قبوڵ بکات، داواکانیان جێ بەجێ بکات، دەست لە ئازارو وراوەدوونان هەڵگرێ، پاساو بۆ کەموکوڕییەکانی نەهێنێتەوە، بەزەبرو زەنگ وەڵامی خەڵکی بۆداوا ڕەواکانیان نە داتەوەو هتد.

باشە خوێنەری بەڕێز ناڵێم هەموو ئەوانە، بەڵام ئەگەر یەکێتی و دەسەڵاتەکەی کە من تاسەر ئێسقان بۆ چوونی جیاوازم لەگەڵیدا هەیە، لە چوارچێوەی خۆپیشاندانەکەی ڕۆژی 9/7ی کەلار و دەرئەنجامەکانی بە هەردووی دیوی سلبی و ئیجابییەکەیدا، ڕەخنەی لە شێوازی مامەڵەی خۆی لە گەڵ خۆپیشاندەران و ئیدانەی تەقەکردن لەخۆپیشاندەران و پیاچوونەوە بە گرتنەبەری ئەورێ و شوێنە خراپانەی کە گرتیەبەر بکا ، ئەمە خراپە ئەگەر جەماوەر و حزبەکانی تریش بە جیاوازی بیرو بۆچوونیانەوە ئەم کاریگەرییەیان دروست کردبێت خراپە. من وا تێنەگەیشتووم ئەوەی لەکەلار ڕویدا ڕاپەڕین بێت و بۆ تێك

و پێکدانی دەسەڵاتدارێتی یەکێتی بێت، بەڵکو ئەمە خۆپیشاندان بوو، خۆپیشاندانیش سنورو یاساوڕێسای خۆی هەیە و پێشم وایە بەهەموو مەعنایەك خۆپیشاندەران سەرکەوتوو بوون و لەپاڵ ئەمەشدا کۆمەڵێ کەموکوڕی لە خۆپیشاندانەکە کەوتەوە دەکرێ بۆ داهاتوو سوودی لێوەربگیرێ. دووبارەی دەکەمەوە کە ئەو چوار حزبە کە بەیاننامەکەیان ئیمزا کرد، بە حزبی شیوعیشەوە، لە پشتی جەماوەر ڕاوەستابوون نەك هێرش بۆ سەریان. بێمەنایی و زیادەڕۆیەکی نابابەتی و نا لۆژیکیشە هەوڵی حزبەکان و حزبی شیوعی لەم مەسەلەیەدا بۆ ئاراستەی تر تەوزیف بکرێ وەك کاك سیروان دەیەوێ وای لێبکا .

## منیش خوێنەر دەکەم بەشایەت:

باشە کاکە سیروان تۆ لەبنەڕەتدا تاسەر ئیمزا لەگەڵ یەکێتی ڕەد دەکەیتەوە و پێتوایە ئەوەی ئەمەبکا، دەبێتە شەریکە تاوانی یەکێتی . من بۆ ئەمەت هیچ نالێم تەنها ئەوەندەنەبێت لەساڵی (2000 ـ 2001) کەحزبی ئێوە و یەکێتی بوو بەشەڕتان ، ئەوە کێ بوو لەگەڵ مەڵبەندی یەکێتی بەیاننامە ورێك کەوتن نامەی ئیمزا کرد ؟ ئێمە بووین یان ئێوە ؟ باشە هەر ناسك ئەحمەد و تاهرحەسەن نەبوون دوای خوێن لەبەر چۆڕان ڕێکەوتن نامەیان لەگەڵ یەکێتی ئیمزاکرد؟ باشە برادەر خۆ کەسەکان هەرهەمان سەرکردایەتیەکەی ئێوەنەبوو ، دوای ئەوەی ڕووی دا بەهاوڕێیانی ئێمەتان ووت : بەڕاستی ئێوە سیاسەت دەکەن نەك ئێمە ؟ پێم بڵێ بۆ لە قوتارکردن لەتەنگانە ئێمە ڕاست بین و بەدیوەکەی تردا ، ئێمە بابەت گەلێکی نەشیاوبین لای ئێوە ؟ بەڵێ ئێستاش دەڵێم ئەوەی کەوتووتە و نوسیوتە جگە لەوەی دوورە لەڕاستی‌یەوە هێرش و پەلامارێکی دووژمنکارانەیە بۆ سەر حزبی شیوعی و جەماوەرەکەی . کەس خەباتی بۆ پارە و شەهیدنەکردووە، بەڵام ئەوە شەهیدە و گیانی خۆی بەختکردووە ، لەبەرامبەردا خانەوادەکەی مافی خۆیەتی پاداشت بکرێ ، ئەوە پێشمەرگەیەو چەندین ساڵ تێکۆشاوەو مەرگی لە ناو لەپیدا بووە، مافی خۆیەتی پاداشت بکرێ. ئەوە حزبە و تێکۆشاوەو مافی خۆیەتی داکۆکی لە دابینکردنی پێداویستیەکانی خۆی بکا. برادەر بیرت نەچێ حزبەکەی تۆش پارەی لە یەکێتی و پارتی وەردەگرت؟ ئەی ئەوە هی چی بوو؟ وەك خۆت دەڵێی ئەمەی جزبی شیوعی و حزبەکانی تر هی ئەو چەندساڵەی شاخ بوو بێت؟ سەیرە کاك سیروان دەیەوێ بەزۆری زۆرداری بمانبا بۆ گفتوگۆیەکی بێ سەروبەرو دوور لەبابەتی گفت و گۆکە . ئاخر برادەر کەی من وتوومە ئەوروپا حەرامەو ئەوەی لە ئەوروپایە مافی قسکردنی نییە، ئەمە درۆ نیە بەڕێزت بەدەمی منەوە هەڵیدەواسی ؟ من وتوومە و بیمەنتیشم و دووبارەی دەکەمەوە بەڵێ وتوومە بەڕێزت کە ئاگاداری هیچ نیت بۆ هەر لە خۆتەوە شەلم کوێرم دەکەویتە ناوبابەتێکەوە، سەرنج بدە ئەو بابەتەی پێشووی تۆ ئەوانەی کە پەیوندییان بە خۆپیشاندانەکەوە نییە، لێی دەرکە، دە دێڕی بەسەریەکەوە لێنامێنێ کە گوزارە بن لە واقیعی خۆپیشاندانەکە.

هەی ئافەرین برای نوسەر، ئەمە زانیارییەکانتە لەسەر خۆپیشاندانی شۆفێرەکانی سلێمانی و خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئاواهی پێتان ڕاگەیاند کە حزبی شیوعی کوردستان بێ هەڵوێست بووە؟ ئەوە ڕاستی وردو دروستی زانیارییەکانتە؟ من تکایەکی برایانەم هەیە ئەویش ئەوەیە یەك سەرچاوە نەکەیتە

کەرەستەی نوسین و خوێندنەوەت بۆ ئەوەی تووشی هەڵەنەبیت، وەك ئێستا بەهەڵەدا چوویت و دەتەوێ لەسەر ئەو هەڵەیە ئاراستەکان لە ڕەوتی ڕاستەقینەی خۆی لادەی. کە من دڵنیام ئەمەت پێناکرێ و ئاستەنگە بتوانی بەرجەستەی کەی.

لەجێگایەکی تر دەڵێ (دووژمنانی خەڵك) کاکە گیان ئێمە کەموو کوڕی دەبینین، گەندەڵی دەبینین و هتد قسەمان لەسەر کردووە، بەڵام ئەوە حکومێکی زۆر قەرەقوشیانەیە هەر حزبێکی کوردستانی (بەپارتی و یەکێتی)یشەوە بەدووژمنی خەڵك بزانی و لای ئێمەش ئەم تێزەی بەڕێزت بۆسیاسەت و خوێندنەوەی ڕووداو وپشتی ڕووداو، هیچ ئیعتبارێکی نییە. پاشان هەر لەخۆتەوە باسی ئەوە دەکەی کە تۆ بەڕەسمی ومن بەقاچاغ ڕێگای دەرەوەمان گرتۆتەبەر. ئێ باشە ئەمە چی پێوەندییەکی بە خۆپیشاندانی کەلارەوە هەیە ؟ دوای من تا تورکیا بەڕەسمی هاتم و ڕێگەم بەخۆم نەدا بچمەلای ئەو برادەرانەتان لە تورکیا کە هەزارویەك گومان لەسەر پەیوندی و هەڵسوکەوتیان هەیە، کێسی پڕ لەدرۆم بۆ پڕ بکەنەوە، عەزیزم ئێوە ڕەخنە لە پارتی و یەکێتی دەگرن کە بە تەزکیە خەڵك دادەمەزرێنن، کەچی من ناوم لایە پێتان وتووە ببە کۆمۆنیستی کرێکاری کار ئاسانیت بۆ دەکەین، حەز ناکەم لەسەر ئەم مەسەلەیە زۆر بڕۆم چونکە پێوەندی بە باسەکەمانەوە نیە.

## من وکاك سیروان و کێشەی خەڵك لە گەرمیان:

لەگەڵ داوای لێبوردن لە خوێنەر بەڵام کاك سیروان ناچاری کردم هەندێ زیادەڕۆیی بکەم و شتی تر بڵێم، ئەگەر یەکێ نوسینەکەی کاك سیروان بخوێنێتەوە پێی وایە بەندە هەمیشە دژی خەڵك بووم و بەرژەوەندییەکانیانم خستۆتە ژێر پێ لەقە. کەچی خودی کاك سیروان باش دەزانێ لەساڵی 1991 بەدواوە لەتەمەنی(18)ساڵیەوە وەك ڤاڵبوویەکی نێو ئازاروژان و مەینەتی و لەناوخێزانێکی بەڕەچەڵەك کرێکاردا، حزبی شیوعی م دۆزییەوەو لەو دەمەشەوە تائیستا بە قەدباڵای خۆم و سیروانیش نوسینم لەسەر کێشەو گرفتی جۆراوۆری خەڵك بڵاوکردوەتەوە، لەلایەن دەسەڵاتیشەوە هەمیشە بەچاوی بوغزەوە تەماشاکراوم نەك شاباش، تا ئەمرۆش نوسین پیشەی منە بۆ گوزارشت کردن لە کێشە وگیروگرفتی خەڵك نەك پلەوپایە و ژیان. تەحەدای کاك سیروانیش دەکەم ئەگەر یەك دێڕی شاباشی من بۆ دەسەڵات و حزبە دەسەڵاتدارەکان بە نمونە بێنێتەوە. بەڵام ڕاستی‌یەك هەیە دەبێ بیڵێم ئەویش ئەوەیە لەگەڵ سیروان و هاوڕێکانی لە کۆمۆنیستی بەناو کریکاری لەمەسەلە فیکری و سیاسیەکان تابڵێی سەرسەخت بووم، ئێستاش سەرنوسەری مانگ نایەکم(خەڵك)ڕستێکی تیانیە داکۆکی نەبێت لە خەڵك. بەڵام بە زمان و خوێندنەوەی کاك سیروان نا، بەڵکو بەزمانی بابەتی بوون و لۆژیکی بوون، ئەگەر زۆریشی پێ خۆشە کە گەڕایەوە من و کاك سیروان کۆڕ دەگرین، سەنگی مەحەکیش لەوێدا دەردەکەوێ بۆ من و کاك سیروان و حزبەکەی من و حزبەکەی کاك سیروان.